# هەور

محمد عمر عثمان
1982/10/19
کەرکوك

شمشێری ئاوابـوون .. تازە خـۆری سەربـڕی بوو .. تەمێکی سوور ڕژابووە دەشت و هەردوچیاکانەوە .. چەند پەڵە هـەورێکیش بەسـەر چیاکـەوە ... لەئاهـەنگی گریـان بەجێ مابوون ...

من بـەخیلیی بە هـەور ئەبـەم .. ئەو .. وەکـو من بۆ فـرمێسك دانـامێنێ .. هەر کـاتێك بیـەوێ بگری .. ئـەداتە چەخماخە .. دەست ئەکا بەگرمە گرم .. لەگریانێکی بەکوڵا .. ئەتوێتەوە .. هەموو دنیاش ئەشواتەوە .. خەڵك لەتاوا چەتـر هەڵئەدەن .. پاڵتۆ لەبەر ئەکەن .. کەسیش لۆمەی ناکات ... بەڵام من نە چەتر هەڵئەدەم .. نە پاڵتۆ لەبەر ئـەکەم .. من و هـەور لەیەك ئـەچین .. تـەنها ئـەوە نـەبێ .. من لەنـاوەوە ئەگریم .. ئەو بەئاشکرا .. ئای .. ئم .. تاوێکی تـریش شەو دادێ .. شەو .. بێداری .. چریسکە چریسکی گڵۆپەکـان .. ژوورێکی تەنیاو پەنجەرەیەکی بێ پەردە ...

- پەڵە هەورێ دائەگرم و ئەیکەم بە پەردە بۆ پەنجەرەکەم
- تۆ لە ڕوناکیی بێ زاریت ؟
- نەخێر گەورەم
- ئەی مەبەستت چیە ؟
- ئەگەر هەفتەیەك خۆر ئـاوا نەبێ .. دنیـا ئە سـوتێ .. دەریاکان ئەبنە هەڵم .. سەرچاوەکان ووشك ئەبنەوە
- ئەتەوێ بڵێیت : کەڕۆژ هەبوو .. ئەبێ شەویش هەبێت
- ڕۆژ ڕاکردنەو .. شەویش پشوو
- کامیان سەرەتان ؟
- نازانم بەڵام من شەو لەڕۆژ بێ ئارامترم
- تێ ناگەم

وەڵامم نەدایەوە .. بەپەیژەی ئەوتەم و مژەی ئاسۆدا .. هـەڵزنام و پـەڵە هـەورێکم لەتـرۆپکی چیـاکـە کـردەوە .. و موچڕکەیەك بەگیانمـا هات .. هـەر وەکو لەزگـەیەك لەبـرین بکەمەوە .. ئاوا هەرچـۆنێ بێت .. ئەمشـەو زوو ئەنـووم .. چریسکە چریسکی گڵۆپی دارتێلەکەی کـۆڵان .. بەشـەوارەم ناخات .. بەپڕ تاو خۆم کـرد بەمـاڵەوەداو بێ ئەوەی کـەس ئاگاداری ئەم کەین و بەینە بێت .. کردم بەپەنجەرەکەمەوە و بـەنیازی نـوستن .. پێڵوی چاوم نـایە سـەر یەك .. تـاریك و ڕوون .. لە گرمە گرمێك .. ڕاچڵەکیم .. هەورەکە بوو ..

- دیسان ئازاد و ڕێنە ئەکات

گوێم لەباوکم بوو ئەوەی بەدایکم ووت .. تومەس گوێی لەگرمە گرمی هەورەکە بووە ...

هەورەکە گریا .. بەتاو فرمێسکی ڕشت .. بەسەرنوێن و بیجامەکەمدا .. توایەوە .. جا نازانم هەورەکە بـۆ گریـا .. لەبەر ئەوەی بەری گزنگی ئەو بەیانیی‌یەی لێ گرتبووم .. یان بەسەر کڵۆڵیی منا گریا .. چونکـە لەسەرمـانا خـۆم گرمـۆڵە کردبوو .. دەرگای ژوورەکەمم کردەوە ، هەموو گیانم تەڕ بوو بوو .. دایکم سەیرێکی کردم و زەردەخەنەیەك گرتی .. خۆی کرد بەژووراو .. بەتانی و دۆشەکەکەی هەڵگرت .. بەنیـازی ووشـك بـوونـەوە دای بـەسـەر دیـواری نێـوان خـۆمـان و دراوسێکەمانداو ڕووی کردە خوشکە گـەورەکەم و بـەچرپـە ووتی : حەپسە .. دیسان ئازاد میزی کردووە بەخۆیدا .